www.kurdistannet.org
20-6-2007 18:42بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

هەولێر _ باشووری کوردستان

ئەگەر شتێک هەیە بە ئێمەشی بڵێن! ... هەرمان خالد

هەموو شتێك لە سەر بناغە و بنچینەیەك ڕاەوەستی، بناغەی هەر حکومەت و دەسەڵاتێکیش جەماوەر و هاووڵاتیەکەیەتی، هیچ حکومەتێك ناتوانی بی پشتگیری و هاوکاری جەماوەر درێژە بە ژیانی خۆی بدا. بە کوردی ئەو دەسەڵاتەی خۆی بە دیموکراتی بزانی، دەبی هاووڵاتی بەشدار بکا لە داڕشتنی سیاسەتەکانی، ڕاستەوخۆ بی یان ناڕاستەوخۆ.
بە هۆی ئەو گۆڕانکاری و ڕووداوانەی بەسەر ئێڕاق و ناوچەکەدا هات، حکومەت و گەلی کوردستان بەردەوام لە ژێر هەڕەشە و ململانێی مانەوەدان، لە لایەك ئەو کۆسپانەی وولاتانی ئیقلیمی بە تایبەتی تورکیا و ئێران دەیخەنە بەردەم گەیشتنی کورد بە ئاواتەکانی، لە لایەکی تر ئەو دوژمنکاریانەی هێز و لایەنە سیاسیە ئێڕاقیەکان لەگەڵ ئێمەیدا دەکەن. لە هەموو پێشهات و ڕووداوەکانیش جەماوەر خوێندنەوەی خۆی هەیە و حکومەتیش بە جۆرێکیتر دەیانبینی، زۆر جاریش خوێندنەوەکان زۆر جیاوازن لە یەکتر، بە ڕای من هۆکاری ئەو جیاوازیە قوونڵە بۆ چەند هۆیەك دەگەڕێتەوە:
- ناڕوونی بەرنامەکانی حکومەت، زۆر جار حکومەت شتەکان وەك خۆی و بە ئاشکرا بۆ جەماوەر باس ناکا، هەندی شت بە هاووڵاتی دەڵی کە هەموو شتەکان ئاشکران و جەماوەر خۆی دەیانزانی.
- تێنەگەیشتوویی تاکی کورد، کەسێك نازانی ئەردۆگان و گوڵ چ شەکرێکیان شکاندووە، کەچی چونکە سەرۆکی حیزبەکەی یان کەسێکی تری حیزبەکەی دژی ئەردۆگان و گوڵە ئەمیش دژیان ڕادەوەستی! هاووڵاتی دەبی سەرەتا بەرپێی خۆی ببینی ئینجا بڕیار لە سەر شتەکان بدا، ئەمەش بێگومان بە بی شەفافیەتی حکومەت ناکری، دەبی دەسەڵات وورد و درشتی باسەکان بۆ تاك ڕوون بکاتەوە، ئەو کات ئێمە (حکومەت و تاك) دەتوانین بەرنامەیەکی زۆر چاك دابنێین و داهاتوو باشتر مسۆگەر بکەین.
- لایەکی تر لە دروست بوونی دوو خوێندنەوەی جیاواز لە نێوان جەماوەر و دەسەڵات، نەبوونی ڕاگەیاندنێکی تەندروست و چاکە! ڕاگەیاندنی ئێمە پێبەپێی بە دوای هەواڵ و ووردەکاریەکاندا ناچی، هەواڵی کۆبوونەوەی سەرۆکی کوردستان و مالیکی لە ئاژانسێکی ئیتاڵی یان ئەمەریکی وەردەگری، یاخود بۆ هەواڵ بە پلەی یەکەم پشت بە کەناڵە عەرەبیەکان دەبەستی، هەموشمان دەزانین ئەو عارەبانە چۆن و بە چ شێوەیەك لە کورد و کێشەکەی دەڕوانن!!! دواتر ئەوانەی خۆمان (ڕاگەیاندن) 10 خولەك کاتیان بۆ گۆرانیەك تەرخان دەکەن، کەچی لەولا هەواڵێکی چارەنووسساز بۆ نەتەوە و حکومەتەکەمان بە 2 خولەك تەواو دەکەن!!! ئەمیش زیاتر ناوهێنانی کەسانی بەشدار بووی ڕووداوەکە و کات و شوێنی ڕووداوەکەیە!
بۆ نموونە، زۆر کێشە و گرفتی بەرچاو هەن تووشی حکومەت و گەلی کوردستان دەبێتەوە، وەك جێبەجی کردنی ماددەی 140 دەستوری هەمیشەیی ئێراق، یاسای نەوت و غاز، پارەدارکردنی پێشمەرگە، کەچی ئێمە (هاووڵاتی) هیچ دەربارەی ڕەوتی بەڕێوەچوونی ئەمانە نازانین، ئەوەی دەیزانین لە ڕۆژنامە و تەلەفزیۆنەکان دەستمان دەکەوێت، باسیشمان کرد ڕاگەیاندن چۆن شتەکانمان تێدەگەیەنی!!!

hgrawy@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.